# لانە لە گوند

لە فارسییەوە: جەبار سابیر

١- نامەیەکی کراوە لە دەرگاکەوە بە ڕووی ژوورەوەدا کەوتەخوارەوە، نامەکە لە ماریا خانمی هاوڕێی دایکی لانەوە بوو. ماریاخانمو خێزانەکەی لە گوندێکدا ژیان دەگوزەرێنن. ئەو شتی زۆر سەرنجڕاکێشی دربارەی بەرخەکان، بزنەکان، مریشکو کەڵەشێرەکان، قازەکان، کەروێشکو ئاژەڵی تری گوند نووسیبوو، لەکۆتاییدا داوەتیکردبوون کە لانەو دایکی بۆ پشوو بێنە ئەوێ.

لانە زۆر خۆشحاڵبوو بە دایکی وت: «دایکە ئایا دەچینە ئەوێ؟ تکادەکەم!» دایکیشی بەڵێنی دا پشووی داهاتوو بێگومان دەڕۆنە گوند.





٢- دواجار پشوو هاتو لانەو دایکی بە شەمەندەفەر بە مەبەستی گوندەکەی ماریا خانم کەوتنەڕێ. لەپشت پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە، خانووەکان، دارەکان، کێڵگەی زۆر بە پەنایاندا تێدەپەڕی. لانە لە دەشتی گەورەدا گاران، ئەسپ، مەڕو ئاژەڵی تر دەبینێت. پاش ماوەیەک لانەو دایکی دەگەنە گوند.



٣- ماریا خانمیش کچێکی بەناوی سۆزی هەیە، کە هاوتەمەنی لانەیە. خانووە گوندییەکەی ئەوان زۆر دێرینو گەورەیە. لە چواردەوری خانووە جوانەکەی ئەوان، تەویلەیەکو ئەنبارێکی گژوگیا دەبینرا. لە تەویلەکەوە بۆنی پەینی ئاژەڵی دێت. دایکی دەڵێت: «بۆنی خۆشی گوند!» هاوکات لانە لووتی دەگرێت.

(گورگی) سەگەکەی سۆزی وردەوردە بەرەو ئەوان دێت. لانە دەستەکانی دەکاتەوەو گورگی نەوازشدەکات. گورگی کلکی ڕادەوشێنێتو بە هەڵبەزودابەز بە دەوری ئەواندا دەخولێتەوە.



٤- لانە حەزدەکات هەرچی زووترە ئاژەڵانی گوند ببینێت. سۆزی ئەو بەرەو پەچەی تەنیشت خانووەکە دەبات. لەوێ جوانووە ئەسپێکی جوان دەبینێت کە لە پەنا دایکیدا وەستاوە. سۆزی دەڵێت: «جونی هەفتەی پێشوو لەدایکبووە. لانە دەستێک بەسەر گیانی جونیدا دێنێتو جوانووە ئەسپی جوان خۆی بە دایکییەوە دەنووسێنێت. دایکی جونیش سەری بەرەو لانە دەسوورێنێت. جونی ناوێکە کە سۆزی لە جوانووەکەی ناوە.



٥- سۆزی، لانە بەرەو قەفەسی کەروێشکە چکۆلەکەی ڕادەکێشێتو دوو قۆڵی خورادنی دەدەنێ. کەروێشکە چکۆل بەددانە سپییەکانی گەڵای کاهوو تیکەتیکەدەکات. وەختێک دەستی لانە لە دەمی کەروێشکەکە نزیکتردەبێتەوە، هەناسەی توندی پەنجەکانی ختووکەدەدات.



٦ - پاشان ئەوان لە چیمەنزارەکە دەچنە لای گوێرەکەکە. لانە قامکی لە کاسەیەکی شیر ڕۆدەباتو دەیخاتە دەمی گوێرەکەکەوە. گوێرەکەکەیش خێرا دەکەوێتە مژینی قامکی لانە، دروست وەکو منداڵێک کە شووشە شیرەکەی دەمژێت.



٧ - تۆزێک لە خوار حەسارەکەوە، چەند مراوییەک لە گۆمێکدا مەلەدەکەن. قازەکان لەسەر سەوزەگیاکە دارەدارەدەکەن‌و مریشکو کەڵەشێرەکانیش دەنووک لە زەوی دەدەن‌و دانەوێڵە گرددەکەنەوە. لانە حەزدەکات بزانێت چۆن دەتوانێت یەکێک لەم باڵندانە نەوازشبکات. ئەو بەخێرایی لە پشت حەسارەکەوە خۆی هەڵدەداتە ناوەوە، کە کتوپڕ کەڵەشێرەکان بەرەو ئەو ڕادەکەن.

٨- دەستی لانە تەنیا گەیشتبووە مریشکێکی قەڵەو و پیر کە کتوپڕ کەڵەشێرێکی گەورە بە تووڕەییو هەراوە هەڵمەتی بۆ برد.

٩- لانە بەرەو دەرەوەی حەسارەکە ڕایدەکرد، بەڵام قاچی لەسەر سەوزەگیاکە خلیسکاو کەوت. ئەو تەواو قوڕاویو پیس ببوو، بە زەحمەت دەیتوانی خۆی لەوێ قوتاربکات. سۆزی بە نیگەرانییەوە هاواردەکات: «ڕاکە ڕاکە، نەدەبوو تۆ ئەم کارە بکەیت! ئەوانە تۆ ناناسن».





١٠- لانەو سۆزی بۆ لەوەڕگای گوێرەکەکان دەڕۆن. دایکە بزنێکو دوو کار لەوێ دەلەوەڕێن. لانە بڕێک گیا دەداتە یەکێک لە کارەکانو کەمێک دەست بەسەریدا دەهێنێت، بەڵام دایکە بزنەکەیش گیای دەوێت. ئەو قاچەکانی بەرزدەکاتەوەو لەسەر دووپێ بەرەو لانە دێت.



١١- لانەو سۆزی سواری تراکتۆرەکەی کاک سۆران دەبنو لە گوندەکەدا دەگەڕێن. ئەم کارە بۆ ئەوان زۆر لەزەت بەخشە.





١٢- سۆزی حەشارگەیەکی ئاسوودەو ئارام لەسەر ئەنباری کاو وێنجەکە پیشانی لانە دەدات. ئەوان دەنگی ئارامی میاوە میاو باش دەبیستن. لەوێ پێنج بەچکە پشیلە ڕاوڕاوێنیانەو دێنو دەچن. لانە دەیەوێت یەکێک لەوانە بگرێتو نەوازشی بکات، بەڵام سۆزی ڕێگری دەکات و دەڵێت:«ڕەنگە دایکیان بێتاقەت بێت».

١٣- وەختی دۆشین بۆ لانە زۆر تازەو سەرنجڕاکێشە. ئەو دەبینێت چۆن ماریا خانم بە مەکینەی شیردۆشین، شیری مانگاکان دەدۆشێت، شیرەکە چەند خێرا لە لوولەی پلاستیکییەوە تێدەپەڕێتو دەڕژێتە مەنجەڵێکی گەورەوە. ماریا خانم یەکێک لە مانگاکان بەدەست دەدۆشێت. لانەیش زۆر حەزدەکات ئەم کارە ئەنجامبدات، بەڵام هەستدەکات زۆر ئاسانیش نییە. ئەو حەزدەکات تۆزێک شیری تازە بخواتەوە. بەهـ بەهـ! زۆر بەلەزەتو گەرمە! جگە لەمەیش ڕەنگەکەی زۆر شیری ترە لە شیری دووکانەکان.



١٤- ئێستا لانە هەموو ئاژەڵانی لادێ دەناسێتو لەگەڵ سۆزیش هاوڕێیەکی گیانی بەگیانییە، بەڵام پشوو تەواوبووە. بەڕێز دیڤید بەئەسپو عەرەبانەکەی لانەو دایکی دەبات بۆ وێستگەی شەمەندەفەرەکە. لە ڕێگە لانە هەوساری ئەسپەکە دەگرێتو توند توند ڕایدەوەشێنێت. وەختی ماڵئاوایی ماریا خانم ئەو نانانەی کە خۆی دروستیکردوونو تەواوی هێلکە مریشکەکان کە ئەمڕۆ لانە خۆی لە دەواجنەکە کۆیکردبوونەوە بەدیاری دەیدا بەوان.



١٥- ئەمڕۆ لانە لە ماڵەوە بەرچایی لادێیانە دەخوات. ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێت: «بەرچاییەکی بەلەزەتو بەهێزی دوای بۆنی خۆشی لادێ!» دووبارە لووتی دەگرێتو پێدەکەنێت.